بەرزان ئەحمەد کوردە
ئەندامی سەرکردایەتی و سەرۆکی بۆردی ڕێکخراوە (NGO)کانی (ی.ن.ك):

# لەهەموو دنیا یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێش یاساکانی ئەحزاب کەوتوە

دیداری: زانا ئیبراهیم

IDEA DEPLOMATIC

لەسەروبەندی گۆڕانکارییەکان ناوچەکەو جیهاندا، ئەمڕۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو ڕێکخراوە(NGO)کان ڕۆڵێکی کاریگەرییان لەسەر تاکەکان کۆمەڵگەو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان هەیەو، لەهەندێ وڵاتدا ڕێکخراوە ناحکومیو (NGO)کان توانیویانە سیستمی دەسەڵاتی حکومەتو سیستم بەگشتی بگۆڕن، بەڵام ئایا ئەم ڕێکخراوانە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانو ناوچەکە ئەو ڕۆڵو کاریگەرییەیان هەیە، یان توانیویانە ببنە فشار لەسەر دەسەڵاتو سیستمو حکومەت؟ سەبارەت بەم پرسیارەو چەند پرسیارێکی دیکە دەربارەی بارودۆخی سیاسی کوردستانو عیراقو گۆڕانکارییە جیهانییەکانو ژینگەیەکی لەبار بۆ کارکردنی ڕێکخراوە(NGO)کان دیدارێک لەگەڵ بەرزان ئەحمەد کوردە سەرۆکی بۆری ڕێکخراوە (NGO)کانی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی لە(ی.ن.ک) و ئەندامی سەرکردایەتی سازدەکەین.



***بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان لەناو وڵاتانی ناوچەکەو ناوچەی بەهاری عەرەبی جێگەیەکی هەیەو تاچەند دەتوانێ لەناو ئەک کێشانەدا سەربکەوێ، یان خۆی بەشێک نییە لەکێشەکان لەگەڵ حکومەتی عیراقدا؟**

-هەرێمی کوردستان بەشێکە لەکێشەکانی عیراق، ئەگەر بچینەوە بۆدواوە ئەوا دەبینی کۆمەڵی کێشەی لەگەڵ عیراقدا هەیەو کێشەکانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی چووە، تەگەرچی لەوکاتەدا هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا لەدانوساندایە، بەیەک دوو دانیشتنیش کێشەکان کۆتاییان نایات، پێموایە کۆی کێشەکان بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەلەبەغدا مەلاکان حوکم دەکات، دەبینین شیعەکان

هەرچییەک بێت دەگەڕێتەوە بۆ مەرجەع، سوننەش مەلاکان بەرنامەڕێژی بۆ دەکەن، لەبەرئەوە ئایندەیەکی باش چاوەڕێی عیراق ناکاتو لەوە دەچێ کەلەبەغدادا تەسفیەی سوننەبکرێو کوردیش لەو دوو ریانەدایە، لەلایەک بەسنوری (600کم)ەوە هاوسنورە لەگەڵا ئێران کەباکگراوندە بۆ شیعەو لەلایەکی تریشەوە تورکیا وڵاتانی عەرەبی بەناڕاستەوخۆ بەرگری لەسوننەکان دەکەن، بۆیە راگرتنی ئەم هاوسەنگیانە سەرکردایەتییەکی حەکمیی دەوێ، کەچۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بکات، بۆیە کورد دەتوانێ ئەم هاوسەنگییە بپارێزێو نەبێتە کەوا سوری بەر لەشکر لەنێوان ئەو ململانێ سوننیو شیعەیەدا کەهەیەو دەتوانی حەکیمیانە تەماشای مەسەلەکان بکات.

***بۆ چونێک هەیە پێیوایە کەکورد کەوتوەتە نێو ئەو گەمە سیاسیەی ناوچەکەوە، دەوترێ کەدابەشبوونێکی ناوچەیی هەیە لەنێوان یەکێتیو پارتیو تورکیاو ئێرانداو، ئەوەش بەکاردانەوەی سیاسەتی عیراقی دروستبووە، کەعیراق لەگەڵ ئێران لەململانێی وڵاتانی عەرەبیداو کوردستانیش هاوشێوەی بەغدا، یان بڵێن یەکێتیو پارتی تێڕوانینی جیاوازییان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان نێوان سوننەو شیعە لەعیراقدا؟**

-ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پەیوەندییەکانی یەکێتیو پارتی لەگەڵ ئێراندا، ماوەیەکی زۆر لەیەک سەنگەردا بووین لەگەڵ شیعەداو لەئێران هەموومان موعارەزەبووینو، دۆستایەکی دورودرێژمان هەیەو ئەوانیش لەمیحنەتدابوون وەکو کوردو خەڵکیان لێکوژراوەو ئاوارەکراون، بەپێچەوانەوە سوننە هەیمەنەیان هەبووە، لەناوچەکەشەدا بەو پێیەی لەئێرانەوە نزیکینو هێڵی تەماسمان هەیە، بەتایبەتی دەڤەری سنوری یەکێتی بۆ هاتوچۆو چووتە دەرەوە، وایکردوە کەشان بەشانی ئەوەش یەکێتی وەکو حزبێکی بەوەفا کەدووجار لێمان قەوماوە ئێران باوەش بۆ کردوینەتەوە، ئەگەر بڕواینە ئەو وڵاتانەی کەکێشەی کورد تێدابووە بەسوریاو تورکیاو عیراقەوە، ئێران نەرمترین سیاسەتی هەبووە، ئایا ئەمە کاریگەری دەوڵەتە ئیسلامیەکەیە؟ یان فارس خۆی نەفەسی درێژە لەمامەڵەکردندا نەرمی دەنوێنێ، وەک بینیمان کورد لەسەردەمی ئەنفالو کیمیابارانو کۆڕەوەکەدا ئێران لای لێکردینەوە، بێگومان ئەمانە هەموویان کاریگەرییان هەیە.

***بەڵام ئەم بۆچوونانە بەوشێوەیە لێکدەدرێنەوە کەپێیوایە بۆچوونەکانو پشتگیرییە ناوچەییەکان بەسەر یەکێتیو پارتیدا دابەشبوون، بۆنموونە پارتی نزیکە لەتورکیا زیاتر لەیەکێتی هاوپەیمانیەتیو یەکێتتیش لەگەڵ ئێران ، ئایا ئەمە سیاسەتی حکومەتی هەرێمە یان دابەشبوونی ناوچەییو حزبیە؟**

-رەنگدانەوەی ئەو خەباتە دوردرێژەیە کە ئێمە لەئێرانەدا موعازەرەبووینو هاتوینەتە خوارەوەو چۆن لەساڵی (1991)دا هاوکارییو هەماهەنگمان بووە، بەپێچەوانەشەوە لەدەڤەری پارتی لەسنوری تورکیاوە نزیک بووەو بەرژەوەندییان پێکەوە گرێدراوە، رەنگە بیرو بۆ چوونەکانیشیان جیابێت، بەڵام بەپێی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی یەکێتیو پارتیو رێککەوتنامەی ستراتیژی، ئێمە دەبێت یەک گوتارمان هەبێتو یەک هەڵوێستمان هەبێ لەپرسە نەتەوایەتیەکانداو پرسو راوێژ بەیەکتر بکەینو یەکتری فەرامۆش نەکەین، رەنگە زۆرجار فەرامۆشکردنیش روویدا بێت، بەڵام دەبێت لەئاکامدا هەریەک گوتارمان هەبێتو ئەو ئەزمونەی هەمان بەهەمووومان بیپارێزین، کوردیش ئەگەر حزبایەتی لێبکداتەوە ئەوا یەکڕیزی نامێنێو وەکو عیراق پەرژو بڵاودەبێتەوە.

***پێتوایە عیراق لەبەردەم پارچە پارچە بووندایەو سوننەکان داوای هەرێمی رۆژئاوای سوننی دەکەن، ئایا ئەگەر ئەمە روویدا کوردستان چارەنوسی چۆن دەبێ؟**

-عیراق هەردەبێ پارچەپارچەبێتو توشی شەڕی خوێناویش دەبێ، چونکە شیعە ئەوەی قبوڵ نییە، کە سوننە بەجیا مامەڵە بکات، ئەگەر چی کاتی خۆی کەلەساڵی (1920)دا عیراق دروستبووە، فەسیەڵی یەکەم دەڵێ« بەهەڵە عیراق دروستبووەو، ئەم پێکهاتەیەی عیراق بەهیچ جۆری لەگەڵ یەکتردا ناگونجێت، لەبەرئەوەی مەسائیلی مەزهەبی زاڵە بەسەریاندا دەبین، ئەمریکا یان ئیسرائیل (70–80) نەتەوەی تێدایەو دەبینی لەبۆتەی ئیسرائیلو ئەمریکادا تواونەتەوەو خزمەتی وڵاتەکەیان دەکەن، بەڵام دەبینی لای ئێمە سێ چوار نەتەوەو مەزهەبی ئاینی هەیە، ناگونجێین بەیەکەوە، عەقڵیەتی ئێرە کەبەزۆر بەیەکەوە لیکێنراوە جیاوازی هەیە لەگەڵ وڵاتانی تردا، فەیسەڵ دەڵێ «ئەم دەوڵەتە یان دەبێت بەدیکتاتۆریەت یان دەبێ دیموکراتیەت»، ئەوەتا بووە بەدیموکراتیەتێک کەئەو سەری دیارنییە، بونمونە لەکوردستان دیموکراتیەت هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی خەڵک نازانێ بەکاربیهێنێ دەبێت بەبەرەڵایی .

***پێتوانییە هێزە سیاسیەکانیش ناتوانن لەئاست ئەو پێداویستە دیموکراتیەدا بن؟**

-ئێمە حزبی خەڵکینو عەقڵەیەتی خەڵک بەو شێوەیەو، هەم ئەوانە ناتوانن بەو ئاڕاستەیە کاربکەنو، لەمانای دیموکراتی تێنەگەیشتونو پێویستە حکومەت بەرنامەرێژی بکات بۆئەوەی خەڵک لەماناکانی دیموکراتیەت تێبگەن لەهەرێمی کوردستان، دەبێ لەقۆناغ بەقۆناغ لەماناکی ئازادیو دیموکراتیەت تێبگەین، دەبێ لەبیرمان بێ کەبەعس بەدرێژایی تەمەنی تەعریبی کردوینو ئەدەبو کلتوری ئێمەی شێواندوەو تەنانەت نەفسیەتی تاکی کوردی شێواندوەو کاریگەری هەبووەو هەیەو، کۆمەڵێکیش لەوانە ماونو هەر تێکەڵی خەڵک بوونەتەوەو ئێستاش خۆی دەنوێنێو کاریگەری لەسەر نەبوونی رۆحی نەتەوەییو ئینتیما نەبوون بۆ نیشتمان هەیە، هەرچەندە شانبەشانی ئەوانە جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی هەبووەو کاریگەری ئیجابیان لەسەر کۆمەڵی خەڵک هەبووە، بەڵام دەبێ بیرمان نەچێ کەپاشماوەی ئەوانە

هەرماوە، بۆیە دەبێ هەرێمی کوردستان زۆر بەدیقەتەوە بڕوانێتە پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغداو مەسەلەی کوردیش لەپێش هەموو مەسەلەکانەوە ترەوە دابنێ، وەک چۆن لەپەیڕەو پرۆگرامی ئێمەدا نوسراوە، کوردایەتی ئینجا حزبایەتی، ئینجا ئەندامێتی بۆیە دەبێ هەموومان حزب نەکەینە قوربانی کورد، بەڵام بەداخەوە هەندێ حزب وا بیردەکەنەوە.

***بەڵام حزبی کوردی بەعەلمانیو ئیسلامیو راستڕەو وچەپڕەوەوە، کوردی کردوەتە بەقوربانی حزبو تەنانەت لەگۆڕەپانی سیاسیدا رەنگی واتەوەو، لەبەغداش بەزەقی هەستیپێدەکرێ؟**

–بەدڵنیایەوە زۆر لەحزبەکان مەسائیلی حزبایەتی زاڵە بەسەریدا نەک لایەنە نەتەوەییەکە، لەبەرئەوەی یەک گوتاری لەبەغداو کوردستان نییە یەک گوتاریش زۆر گرنگە، بەڵام ببینە زۆرجار دەبێ لەزۆر شتدا لەگەڵ حزبەکانی تر دا هاوبەش بین، بەڵام بەوجۆرە نییەو زۆرجار زەرەرمان لێکردوە، زۆرجار ئەو رێککەوتنامانەی کەهەیەو لەسەری رێککەوتوین دەبینی شۆڕ نەبووەتەوە بۆ نێو ئەندامەکان، چونکە زۆرجار بۆ مەسەلەیەک گرنگی وەک مەسەلەی نەتەوایەتی شتەکانمان کردوەتە قوربانی، بەڵکو جاریوا هەیە نەک لەمەسەلەی نەتەوایەتی بەڵکو لەمەسەلەی حزبابەتیشدا زەرەرمان لێکردوە.

***زۆرجار یەکێتی گلەیی لەپارتی دەکات لەسەر ئەو رێککەوتنامانە، یان ئۆپۆزسیۆن زۆرجار گلەیی دەکات لەبەغدا داوای هاوپەیمانتیشیان لێدەکەن کەلەپێناو مافو ئیتیمانەی کورد یەکگرن، بەڵام لەکوردستان وەک پێویست ئاوڕیان لێنادرێتەوە، ئایا ئۆپۆزسیۆن تاچەند لەکوردستاندا دروستە، ئەو رەخنەتانەی کەهەیانە تاچەند دروستەو تاچەند پێویستە دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن هەماهەنگیان هەبێت؟**

–بەدڵنیاییەوە پێویستە ئۆپۆزسیۆن بەپێناسەی خۆیانەوە مامەڵەبکەن، بەڵام ناکرێ هەرچی حکومەت کردنی راستو چەپ بەسەریدا بهێنێ دەکرێ لەشتەکان هاوکاربن‌و دەستخۆشی لێبکرێت، ئێمە زادەی ئەو میللەتەین‌و میللەتێکی پێشکەوتوش نییە، لەبەرئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێ قۆناغ بەقۆناغ بچێتەپێشەوە، من ناڵێم حزب لەدەسەڵاتدا نییە، حکومەت گەندەڵی هەیە کەمتەرخەمی هەیە، بەڵام دەبێ بەهەمووان ئەم حکومەت بپارێزین‌و باشی بکەین‌و هەر چوارپارچە چاوەڕێی ئەم پارچەیەدەکات، بۆیە دەبێ هەمووان هاوکاربین‌و چاکسازبین. لەبەرامبەر هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆندا دەبێ حزبی دەسەڵاتیش شەفاف بێت‌و بەرنامەی وەزارەتەکان کەچۆن کاردەکات بۆ کۆمەڵانی خەڵک روونبکاتەوە، چونکە ئەوەی خەڵک دەیزانێ جاری واهەیە ئەوە نییە کەلەو واقعدا هەیە، لەبەرئەوە پێویستە هەموو دام‌و دەزگاو دائیرەکانمان شەفافانەکار بکات‌و بێ منەت بێ لەخەڵک‌و خەڵکیش ناتوانێ ناڕاستەوخۆ تەڕو وشک پێکەوە بسوتێنێ، ئۆپۆزسیۆنیش دەبێ دەستخۆشی لەخەڵکی باش بکات‌و ئەوانە کەگەندەڵ بن‌و کاندیدی خۆیانن پەردەیان لەسەر هەڵماتن‌و، ئۆپۆزسیۆن هەبووە بەڕێوەبەرایەتیەکی پێیبووە نیوەی خستوەتە خزمەتی حزبەکەیەوە، ئایا ئەوە بچێتە دەسەڵاتەوە چی؟ لەم دەسەڵاتە بچوکەدا چێکردوە، لەدەسەڵاتێکی تردا چیدەکات؟ ئەگەر دەتوانن با وەزارەتێکی گرنگ وەرگرت‌و بیکەنە نمونەو پێشکەشی خەڵکی بکەن، بەڵام ئۆپۆزسیۆنیش نمونەی ناشرینیان پێشکەشکردوە کەکارمەندو سەرۆکی یەکەی ئیدارییان هەبووە، بەڵام سەرکەوتو نەبوون.

***لەئێستادا بارودۆخی ناوچەکە ئاڵوگۆڕێکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ، بەتایبەتی لەمیسر دەبینی ئیسلامیەکان سەرکەوتن‌و لەسوریش کوردەکان هەنگاوی باشیان ناوەو دانوسان لەنێوان ئەنکەرەو ئیمرالی هەیە، ئایا لەم ئاڵوگۆڕانەدا ئەمە هەلومەرجێکی مێژوویە بۆ کوردو دەبێ کورد لەم قۆناغەدا چیبکات؟**

–لەئێستادا ئەرکی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان‌و پارتە کوردییەکانە، کەدەبێ هاوکاری‌و هەماهەنگی تەواو هەبێت، چونکە دانوسان لەکوردستانی باکور لەئارادایە، قۆناغێکی باش چووەتە پێشەوە، بەداخەوەکە تەندروستی جەنابی مام جەلال باش نییە، ئەگینا ئەو وەکو چۆن لەرابردودا هەوڵی زۆری بۆداوە، ئێستاش هەوڵی زیاتری دەدا، پێیموایە ئەوەی کەئێستا هەیە ئەوە بەرهەمی ئەو ماندبوونەی تاڵەبانییە کەئێستا هەیە، بۆیە گرنگە ئەو پەیوەندی‌و هەماهەنگیەی کەئێستا هەیە لەگەڵ تورکیا زیاتر پەرەی پێ بدرێ‌و پێگەی ئابوری تورکیا کەلەکوردستان هەیە بۆ خۆی گرنگیەکی زۆری هەیەو وادەکات پەیوەندییەکان باشتربن لەبەرئەوە ئەم ناوچەیە پێگەیەکی گرنگە بۆ بەشەکانی تری کوردستان، وزۆرجار ئێرە بەپەناگەی خۆیانی دەزانن، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم بەرنامەرێژی تەواوبکات بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیاداو تەنها لەچوارچێوەی پلانی ئابوریدانەبێت، بەڵکو هەنگاو بنێت بۆ قوڵبوونەوەی پەیوەندییەکانی بەئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشە کورد لەباکور.

***باس لەوە دەکرێ کەیەکێتی‌و پارتی لەتەدەخولکردنیان لەگەڵ کوردەکانی رۆژئاوادا وادەکات کەپارتە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان بۆ دووبەرە دابەشبکەن، ئایا ئەمە پێشخستنی بەرژەوەندی حزبیە پێش بەرژەوەندی کوردایەتی؟**

–وەکو یەکێتی ئێمە مەسەلەکە وانابینین، ئەوەی حزبی کوردی بێت پیشتوانیمان لێکردوەو رەنگە پلەبەندیش هەبێت لەنێو حزبەکاندا، هەندێکی هاوپەیمانی‌و دۆستایەتی دێرینان هەبێت، بەڵام هەر بزوتنەوەیەک بۆ ئازادی کوردستانی رۆژئاوا بێت پشتیوانیمان لێکردوە، تەنانەت لەگەڵ (PPK)دا دۆستایەتی‌و پشتیوانمان هەیە، بۆیان.

***بەڵام دۆستایەتی یەکێتی لەگەڵ (PPK) لەئاستێکی باشدایە، بەپێچەوانەی پارتییەوە کەدۆستایەتی کەمترەو لەتورکیا نزیکترە؟**

–دەبێت پارتیش بگاتە ئەو

باوەڕەی کەئەو دۆستایيەتيە بەقازانجی ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیاو ئازادبوونی کوردستانی باکور بێ، چونکە ئەم بەشەی کوردستان تاکە کلیلی ڕێگای ئەوروپایە بۆ کورد کەبکرێتەوەو دەبێ هەوڵەکان بەئاڕاستەبووین ئەگەر چی تورکیاش خۆی گەیشتوەتە ئەو باوەڕەی کەکێشەی کوردو بەشەڕ چارەسەر نابێ واهەستدەکات کەئەم مامەڵە توندە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتینی سەرکەوتووەو رەخنەی زۆری لێدەگیرێو چیتر ناتوانێ فەرامۆشی کوردبکات.

***لەماوەی دوو ساڵی ڕابردودا بەهاری عەرەبی بوو بەهاری ئیسلامیو، هاتنەسەر حوکمی ئیخوان موسلمین لەچەند وڵاتێک، پێیتوایە ئەم گۆڕانکاریانە تاچەند کاریگەری هەیە لەسەر ئیسلامی سیاسی کوردستان؟**

–ڕاستە سەرجەم شۆڕشەکان بووە بەهاری ئیسلامی سیاسیی ، بەڵام بینیمان کەفاشلن وەک لەمیسر بەدیدەکرێو دەرکەوتن هەر لەسەرەتاوە ناتوانێ دروشمەکانی خۆی جێبەجێکات، بەڵام بەداخەوە دەست شلکردنێک بووە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە، ئێستا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کەئەو گۆڕانکاریانە هەڵەبوون، بۆنمونە لەمیسردا دەتوانرا هەندێ گۆڕانکاری لەسەردەمی موبارەکدا بکەن، بەڵام ئێستا لەدەستیان چوو، ئەو سەرکەوتنانەی ئیخوان موسلمین کاریگەری لەسەر هێزە ئیسلامیەکانی کوردستانیش هەیەو زیاتر لوتیان بەرزرکردوەتەوەو ئەوان لەوێ دەجولێنو ئەمان لێرە پشتگیری لێدەکەن.

لەکاتێکدا ئەوانە عەقلیەتی ئیسلامگەراییان هەیەو عەرەب چێتی دەکەنو لەو بڕوایەشدام کەئەوانە دوژمنی سەرسەختی کوردیشن کەواتە بەهاری عەرەبی کاریگەری زۆری هەیەو کاردانەوەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەیە.

***ڕۆڵی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتەکانو بۆردی ڕێکخراوی (NGO)کان ، لەئەمڕۆ لەدنیادا باوی هەیەو ڕۆڵیان لەسەر لاوانو گەنجانو توێژە جیاجیاکان تاچ ئاستێکەو تاچەند توانیوتانە وەکو (NGO) ڕۆڵ و کاریگەریتان هەبێ؟**

–ڕێکخراوە(NGO)کان قازانج نەویستنو لەپێناوی پەرەپێدانی دیموکراتیو ئازادیو هۆشیاری فێرخوازی کاردەکەن، ئێستا لەهەموو دنیا یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێش یاساکانی ئەحزاب کەوتوەو خەریکە یاسای ئەحزاب باوی نامێنێ، بۆیە ئێمە وەکو بۆردی (NGO)کان سیاسەتمان ئەوەیە کۆمەڵگەی کوردەواری هۆشیاربێتەوەو، وڵات پێشبکەوێت لەهەموو بوارەکانەوە، بۆیە هانی کۆمەڵانی خەڵکو چینو توێژەکانی خەڵک دەدەین کەخۆیان لەچوارچێوەی ڕێکخراوە(NGO)کاندا ڕێکبخەن، دیارە زۆر ڕێکخراوی پیشەیی هەیەو داکۆکی لەپیشەکەی خۆیان دەکەن، بەڵام ڕێکخراوی ناحکومیەکان (NGO) کان بۆ پەرەپێدانی فکری گەشەبەکارەکەی دەدات، واتە بۆ ئاشتیو پێکەوە ژیانو ژیانی مەدەنیانەو مەسائیلی خێراخوازیو یەکسانی بڵاودەکاتەوە، ئێمە بەرنامەیەکمان هەیە بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کوردستان کەلەسەر ئاستی پرۆژە هاوکاریو هەماهەنگیان بکەینو، هەوڵماندایوە کەپەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا بگرین، بۆئەوەی پرۆژەکانیان بێنە کوردستانو بیدەنە ئەو ڕێکخراوانەوە، لەڕێی ئێمەوە پرۆژەکان و دەدرێتە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانو دواتر خۆیان کامیان پێباش بوو دێنە کوردستان جێبەجێیدەکەن، یان هەوڵمانداوە کەکادیرمان بنێرینە دەرەوە بۆ ئەوە ئەزمونی باش وەربگرن کەچۆن مامەڵە دەکەنو لێرە ببنەوە بەمامۆستاو دواتر دەورات بڵێنەوە.

***بۆچونێک هەیە کەپێیوایە ڕێکخراوی (NGO)کان هەموی هی یەکێتیو پارتیو یەکگرتوو و کۆمەڵن. بۆیە ناتوانن بەئەرکی خۆیان هەستن؟**

–ڕاستە ڕێکخراوەکان هەندێکی حزبین، بەڵام ئەگەر یکخراوێک حزبی بێتو پرۆژەکەی خزمەت بەشارەکە بکات جێی دەستخۆشیە، سیاسەتی ئێمە مامەڵەکردنە لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکان بەبێ جیاوازی، تەنانەت هەوڵدەدەین کەلە مەسەلە نەتەواییەنیەکاندا یەک هەڵوێست بێت، با لەبیروباوەڕدا جیاواز بین، تەنانەت هەندێ ڕێکخراوی بیلان هەیە کەپرۆژەمان پێداونو لێرە بەکەس نەوتراوە کەتۆ سەر بەفڵانو فیسارو حزبیو، هەر ڕێکخراوێک هاتبێ داوای بەئەندام بوونی کردبێ بۆمانکردوە.

***بەرنامەی داهاتوی ئێوە لەبۆردی ڕێکخراوی (NGO) کان چییە بۆ گەنجانو لاوان کوردستان؟**

–ئێمە بەسێ ڕێگە هاوکاری ڕێکخراوی (NGO)کان دەکەین بەبێ مەرج، یەکەمیان بەپێی توانا پرۆژەیان بۆ ئەنجام دەدەین، دووەمیان لەڕێی بزنسمانی شارەکەوە، پرۆژەکانیان بۆ جێبەجێدەکەین، سێیەمیان بوونی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ ئەوروپادا کەکادیرەکانمان هۆشیار بکەینەوەو لەدەرەوە بەشداری خول بکەنو کادیری ئەوانیش بهێنین بۆ ئەوەی ئەزمونی کاری ڕێکخراوی بگوازنەوەو ئاڵوگۆڕی کلتوریش بکەین، وەک چۆن هەندێ ڕێکخراومان هەیە، کەبوونەتە دەستە خوشک لەگەڵ چەند ڕێکخراوێک لەسوید یان لەئەڵمانیاو وڵاتی دیکەش .

***چەند پرۆژەتان ئەنجامداوەو چەند ڕێکخراو ئەندامن لای ئێوە؟**

–پرۆژەی زۆرمان ئەنجامداوە، مانگانە(6–10) پرۆژە ئەنجامدەدەین و لەموسڵەوە تا خانەقینو بەغداو دیالە ئەندامامان هەیە، زیاتر جەخت لەسەر ئەو شوێنانە دەکەینەوە کەناوچەی جێ ناکۆکن بەتایبەتی لە(دوز، سەعدییەو جەلەولاو شێخان) کەدەماوێ کاریگەریمان هەبێ، هەندێ پەرلەمانتارش بەڵێنی هاوکارییان بۆ ئەو ناوچانەداوەو، دەشمانەوێ بێ لایەنانە کاربکەینو ببینە هی هەموان، ڕاستە (ی.ن.ک) ئەم بۆردەی دروستکردوەو من لێپرسراوێک، بوارەکە بواری مەدەنیەو ناکرێ کارەکە بچوکبکەیتەوە بۆ بوارێکی تەسکی حزبایەتی، لەبەرئەوە ئێمە لەگەڵ هەموو چینو توێژەکاندا هاوکاریمان هەیەو کۆتو بەندمان نییە بۆ هیچ ڕێکخراوێک کەبیەوێ لەگەڵ ئێمە کاربکات.


٣٩
ئایدیا
تەنیا بیرکردنەوە
• گۆڤارێکی فکریی، فەلسەفییە
• دوو مانگ جارێک دەردەچێت
• ژمارە ٣٩ حوزەیرانی ٢٠١٣
مەترسییەکانی ململانێی داهاتوو لە راپۆرتی ئەمینداری یەکگرتوو
ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل
مارکس کێ بوو؟
سەرەتایەک بۆ فەلسەفەی کۆمەڵناسی
فایلی تایبەت
• ئیسلامگەرا
• فینۆمینۆلۆژیا
• پۆل ئیلوار
جیل دۆلۆز
25002 44135
PRICE 4000 IQD



فایل

F I L E

# بەهاری عەرەبی